www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:42 2005-11-27

## پشتگیری نامەیەک لەلایەن گرووپی سۆرانەوەلەخۆپیشاندان و داخوازی یەکانی پەرلەمانی سەر شەقام گرووپی هەولێر

ئێمە وەك گرووپی پەرلەمانی سەر شەقام، گرووپی شاری سۆران پشتگیری دەکەین لەخۆپیشاندانەکەی (پەرلەمانی سەر شەقام) گرووپی هەولێر لە 2005/11/19 پێی هەڵسان. وەبەتوندیش ناڕەزایی دەردەبڕین بەرانبەر ڕەفتاری هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی شاری هەولێر کەبەشێوەیەکی زۆر ناشارستانیانە و نامرۆڤایانە لەدژی خۆپیشاندەران وەستان، بەلێدان و تێهەڵدان و زیندانی کردن بەربوونە گیانی خۆپیشاندەران لەسەروی هەموویان رێکخەری خۆپیشاندانەکەیان " هیوا فریا ڕەس " لەپێش چاوی جەماوەر لەشەقامی ئەسواق سیروان دایانە بەر شەق و شەپەلاخ. کەبەمە سەلماندیان چەتەو میلشیایەکانیان تەنیا بۆ تۆقین و ترساندنی خەڵکی چێکردووە، کەلەهەر کاتێ پێچەوانەی سیمبول و بەرژەوندیەکانیان جولایەوە ئەوا ئامادەنە لەسەربازو ژاندرمەکانی (عارەب-تورك-فارس) کوێرانەتر دەمبەست و قۆل بەستمان بکەن.

بەڵام، دڵنیایان دەکەینەوە بەو ڕەفتارە ترسنۆك و چەپەڵانە ناتوانن هێزی ئیرادەی گەنج تێکبشکێنن، بەڵکو زیاتر دەبێتە هاندەرمان تا شێلگێرانەتر لەسەر هەق و مافە ڕەواکانمان بوەستین. ئێمەش وەك گرووپی پەرلەمانی سەر شەقام، گرووپی سۆران هەموو هەڤاڵانمان کۆك و هاوبیرین لەسەر یادداشتنامەکەی گرووپی هەولێر کەلەژێر ناوی " نەژیاوین دەمانەوێ بژین!" کەلەڕۆژی خۆپیشاندانەکەیان ئاراستەی لایەنە پەیوەندی دارەکان کردووە. ئەو یادداشتنامەیە لەکۆمەڵێك ماف و داخوازی پێکهاتووە کە هەوڵدانێکی سەرەتاییە بۆ چاككردنی ڕەوشی گەنجان تاكەمێك لەو تەڵەزگەیەی ئێستە تێیکەوتین دەربازمان بێت. گرووپی پەرلەمانی سەرشەقام بەبێ لەچاوگرتنی ئاین و نەتەوە کاردەکات بۆ باشکردنی ژیانی گەنجانی کوردستان ئەویش بەهەموارکردنی: (شوێنی نیشتەجێبوون)، (سندوقی قەرزدان بەگەنج)، (نەهێشتنی بێکاری لەنێو گەنجاندا)، (لەناو بردنی گەندەڵی و یەکگرتنەوەی ئیدارەکان)

هەروەها تێدەکۆشین بۆ لابردنی مەرجی تەمەن (30) ساڵانە بۆ پەرلەمانتارێتی، و دەخوازین سەرلەنوێ هەڵبژادرنی پەرلەمانی کوردستان بکرێتەوە، وە دەبێت لە 65% پەرلەمانتارە نوێیەکان گەنج بن لە پەرلەمانی داهاتوو کەتەمەنیان لەخواروی (40) ساڵانەوە بێت.
پەرلەمانی سەر شەقامیش گرووپی سۆران ئەوجارەیان کاردانەوەی لەگەڵ گرووپی هەولێرو شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان دەبێت. نەهەولێر بەتەنیایە و نە باڤێلەکەی مەش "کاکە هیوا" بێ هیوایە.

دەستەی هەڵسورێنەری پەرلەمانی سەر شەقام/گرووپی شاری سۆران
2005/11/27